بەرەو قەیرانی سیاسیی لە ئەڵمانیا

ئایا ئەم قەیرانە ئاساییشی ئەوروپا دەخاتە مەترسییەوە یاخود بەپێچەوانەوە؟



نووسینی: پێشڕەو محەمەد

بەرلین - 22. 11. 2017

سەرەتا

هەڵبژاردنەکانی ئەڵمانیا لە 25ی سێپتیمبەری 2017، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەسەر سیاسەتی هەنوکەیی ئەم وڵاتەدا لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا هێنا، بەوەدا گۆڕانکاریی بەسەر سەرجەم دەنگ و پێگەی حزبە سیاسییەکاندا هات، دوو حزب (پارتی دیموکراتیی ئازاد – FDP (نیۆلیبراڵەکان)، و ئەڵتەرناتیف بۆ ئەڵمانیا – AfD (نیۆفاشیستەکان) بۆ یەکەمجار هاتنە پەرلەمانەوە و ڕێژەی 10%ی پەرلەمانیان بری، هەردوو حزبی باڵادەست پارتی دیموکراتیی مەسیحیی – CDU (کۆنزەرڤاتیڤەکان) و سۆسیال دیموکراتیی ئەڵمانیا – SPD دەنگێکی زۆریان لەدەستدا. کۆنزەرڤاتیڤەکان بەرێزەی 32.93%، سۆسیال دیموکراتەکان 20.51%، ئەڵتەرناتیف بۆ ئەڵمانیا 12.64%، پارتی دیموکراتیی ئازاد 10.75%، پارتی چەپ (دی لینکە) 9.24% و سەوزەکان 8.94%. ئەمە وایکرد پێکهێنانی حکومەت بە ئاسانی، هاوشێوەی قۆناغەکانی پێشوو زۆر ئەستەم بێت، یەکەم ڕۆژی هەڵبژاردن، سۆسیال دیموکراتەکان بە پێداگرییەوە گوتیان دەبینە ئۆپۆزیسیۆن، لەمێژووی پارتی چەپیشدا هیچ کاتێك هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆنزەرڤاتیڤەکان نەبووە، هیچ لایەنێکیش لەگەڵ ئەڵتەرناتیف بۆ ئەڵمانیا نەچووە هاوپەیمانێتییەوە و ئەوانیش خۆیان دەیانویست لەئۆپۆزیسیۆن بمێننەوە. ئەوەی دەمایەوە هەرسێ پارتی کۆنزەرڤاتیڤەکان، سەوزەکان و لیبراڵەکان بوو بە هەر سێ ڕەنگی ڕەش، سەوز و زەردەوە. ئەمەش چەمکێکی نوێی لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئەڵمانیادا دروستکرد: هاوپەیمانێتیی جامایکا. لەوەوە هاتووە کە ئاڵای جامایکا لەم سێ ڕەنگە پێکهاتووە، و بەگشتیش لە ئەڵمانیا حکومڕانیی هاوپەیمانێتیی، ئاڵای هێزەکانی ناو ئەو هاوپەیمانێتییە بەخۆیەوە دەگرێت و بۆ ئەو قۆناغە دەبێتە ئاڵای حکومەت.

هاوپەیمانێتیی جامایکا




هاوپەیمانێتیی جامایکا، زاراوەیەکی تازەیە لە سیاسەتی ئەڵمانیادا، بەو هاوپەیمانێتییە چاوەڕوانکراوە دەگوترا لەنێوان هەرسێ پارتی یەکێتیی دیموکراتیی مەسیحیی/یەکێتیی کۆمەڵایەتیی مەسیحیی (CDU-CSU) و پارتی دیموکراتیی ئازاد و پارتی سەوز، لە هەرسێ ڕەنگی ڕەش و زەرد و سەوز پێکهاتووە. ئەم ناوەش لەوە هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەنگەکانی ناو هاوپەیمانێتییەکە هاوشێوەی ڕەنگەکانی ئاڵای وڵاتی جامایکا.

بۆ جامایکا شکستی هێنا؟

دوای هەوڵە زۆر و بەردەوامەکانی ئەنگێلا مێرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، بۆ بونیادنانی بلۆکی زۆرینەی پەرلەمانیی، شکستی هێنا ئەویش دوای ئەوەی پارتی ئازادی دیموکراتیی ڕایگەیاند چیتر بەشداریی لە گفتوگۆکانی هاوپەیمانێتییەکە ناکات. بەگشتیش ڕادەگەیەنرێت و پارتەکەش پشتڕاستی کردۆتەوە، هۆکاری هاتنە دەرەوە و بەشدارینەکردن، دەگەڕێتەوە بۆ پرسی پەنابەران (یاخود کۆچبەران) لە ئەڵمانیا.



لە دەستووری ئەڵمانیادا دەگوترێت، هەر کۆچبەر یان پەنابەرێك، مافی یەکگرتنەوەی خێزانیی هەیە، سەوزەکان بەپێی وتاری ئەمڕۆ، چوارشەممەی ڕۆژنامەی (تاتز)ی ئەڵمانیی سەر بە پارتی سەوز بێت، ئەوان لەگەڵ ئەوەدا بوون دەستوور جێبەجێبکرێت و پەنابەران ئەوانەی وەڵامی ئەرێنیان وەرگرتووە، مافی ڕاکێشانی خێزانەکانیان هەبێت، لەگەڵ کەسی یەکەمی خێزانەکانیان، بەڵام پارتی نیۆلیبراڵەکان، دژی ئەم پێشنیارە وەستاوەتەوە، لەکاتێکدا بۆ سەوزەکان پرسی وزە و ژینگەش وەك کارتێکی فشار ڕووبەڕووی مێرکڵ کراوەتەوە. کریستیان لیندنەر، سەرۆکی پارتی ئازادی دیموکراتیی ڕایگەیاند، کە جیاوازیی زۆر هەبووە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کۆچبەران و سیاسەتی وزە و سەبارەت بە هاتنەدەرەوەش گوتی: "ئەوە زۆر باشترە نەك تەنها بۆ حکومڕانیکردن، بەڵکو زۆر باشترە لەوەی حوکمڕانییەکی خراپ بێتەئاراوە".

ئەوەی جێگای گومانە و لە شەقامی سیاسیی ئەڵمانیدا دەگوترێت، لەسەرەتاوە ئەو پارتە نیازی بەشداریکردنی لە حکومەتدا نەبووە، بەڵام ئەی بۆ هاتە دەرەوە؟ لەکاتێکدا خەڵك بەگشتیی لە ئەڵمانیا پێیوایە حزبەکان لە حکومەتدا دەتوانن کار بکەن نەك لە ئۆپۆزیسیۆندا، ئەمە ڕوانگەیەکی باوە لە ئەڵمانیا و میدیای بۆرژوازیش زۆرترین خۆراك بەم بۆچوونە دەدات. بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ڕەنگە ئەم پارتە کە بۆیەکەم جار دێتە ناو پەرلەمانەوە، لەوە تێگەیشتبێت، مەسەلەی پرسی پەنابەر و وزە، پرسێکی حەساسە و دەکرێت لەو ڕێگایەوە پروپاگەندەی گەورە بۆ داهاتوو بکرێت، لەکاتێکدا کە ئەگەری دووبارە هەڵبژاردن لە ئەڵمانیادا، وەك بژاردەیەك دوای شکستی هاوپەیمانێتیی جامایکا لەئارادایە. ڕەنگە ئەمە ببێتە بژاردەیەك بۆ هەڵکشانی دەنگەکانی ئەم پارتە، چونکە ئێستا لە شەقامی ئەڵمانیدا بووەتە ناوێکی دیار و قسەی لەسەر دەکرێت. مێرکڵ لە ئەگەری کۆتاییهاتنی ئەم هاوپەیمانێتییەدا، لە ئێوارەی ڕۆژی شەممەدا، گوتی: "ئەمە بەگشتیی دەبێتە ڕۆژێکی مێژوویی" (ئەڵبەتە بە مانا نێگەتیڤەکەی).

فۆلکە ڤیسینگ، یەکێك لە ئەندامانی پارتەکە، گوتی: "دانوستانەکان هەر لەسەرەتاوە پڕ لە کێشە و ئاژاوە بوون. بێ پێکهاتە و بنەما و ناڕێکخراو بوون. ڕاوێژکار هیچ چارەسەرێکی نەدۆزییەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێکان. لەبەرانبەردا، هەموو شتێك دواخرا، و گەیشت بێرە". بەڵام لە بەرانبەردا سەوزەکان دەڵێن، ئەم پارتە دەیەوێت قەناعەت بەهەردوو حزبی سەوزەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکان بکات کۆتایی بە یاسای یەکگرتنەوەی خێزان بهێنێت و بۆ ئەم قۆناغە ڕێگری بکات لە هێنانی خێزانی پەنابەران.

## هۆکارەکان چی بوون؟

زۆربەی میدیا بۆرژوازییەکان هۆکارەکانی دابەزینی دەنگی کۆنزەرڤاتیڤەکان و سۆسیال دیموکراتەکان و بەرزبوونەوەی دەنگی نیۆفاشیستەکان، دەگەڕێننەوە بۆ مەسەلەی سیاسەتی پەنابەرانی ئەنگێلا مێرکڵ و پارتەکەی. دەیانەوێت شەقامی ئەڵمانیی بەرەو جۆرێك لە ڕاسیزمی نوێ بەرن، لەبەرانبەریشدا ترسیان لە سەرهەڵدان و گەورەبوونی پارتی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا هەیە، بۆیە وەك ئامۆژگارییەك دەیدەن بەگوێی پارتە بۆرژوازیی و ڕاستڕەوەکانی دیکەدا، کە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، ڕێگایەك بۆ سنووردارکردنی پەنابەران دابنێن، هەروەها ئەوەی ئێستاش وەك سەرەتایەك دراوە بە پەنابەران وەربگیرێنەوە. بەڵام ئەوە زۆر گرنگە کە بەنێو ڕیشەی قەیرانەکان و دۆڕانی مێرکڵدا بگەڕێین. ئەوە ڕاستە سیاسەتی پەنابەران، یەکێکە لە سیاسەتەکان، بەڵام با ئەوەشمان بیرنەچێت، پارتی چەپ، بەتایبەت ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی هەردوو ڕابەری دیاری پارتەکە، ئۆسکار لافۆنتین و زارا ڤاگنکنیشت کرا، کە سیاسەتێکی کۆنزەرڤاتیڤانەیان بەرانبەر بە پەنابەران گرتووەتە بەر و بەم هۆیەشەوە بەشێك لەدەنگەکانی پێشوویان لەدەستدا، واتا بوونی پەنابەران ئەگەر لەلایەکەوە دۆڕانی بۆ کۆنزەرڤاتیڤەکان بەدواوە بووبێت و خاڵێك بووبێ بۆ نیۆفاشیستەکان دەنگ بەدەستبهێنن، هەر دژایەتیکردنی ئەم سیاسەتە خاڵێکیش بووە بۆ لەدەستدانی دەنگ لەلایەن پارتی چەپەوە لەهەندێك ناوچەدا. بەو مانایە هێشتا هاوسۆزیی بەرانبەر پرسی پەنابەران لە ئەڵمانیا، نەگەیشتووەتە بنبەست.

ئەم ساتە زۆر گرنگە. زۆرێك باس لەوە دەکەن ئەم سیناریۆیانە لەئارادان کە نادڵنیایی سیاسیی لە ئەوروپادا دەهێننە ئاراوە. بەڵام ئەگەر بەوردیی سەیری قەیرانەکان بکەین، هۆکارەکانی بەردەم مێرکڵ زیاترن لە تەنها پرسی پەنابەران، بۆ نموونە پێویستە سەرنج لە ناوچەی ئەوروپا، ئاساییش، کۆچبەران، دەستێوەردان و خۆتێهەڵقورتاندنەکانی ڤلادیمیر پوتین بەتایبەت لە پرسی وزە و لە پشتگیریکردنی پیگیدا (کورتکراوەی: ئەورووپییە نیشتمانپەروەرەکان دژی بە ئیسلامکردنی خۆرئاوا)، کە لەسەرتاسەری ئەوروپا چالاکە و گەلێك پشێویی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ترس و تۆقینی لای موسڵمانان و ناموسڵمانان دروستکردووە،

هەروەها پەیوەندییەکان و دانوستانە پیسەکانی مێرکل لەگەڵ تورکیای ئەردۆغان، مەسەلەی پۆڵەندا و هەنگاریا و هەروەها مەسەلەی برێکست، هەموویان خاڵی گرنگن.

ئەمەش لە ئێستادا، کە لە ئەڵمانیا ڕوودەدات، ئەزموونێکی نوێی ئەڵمانیایە لە دوای جەنگەوە تا ئەمڕۆ.

## هەڵبژاردنی نوێ؟

هەر بەڕاستی هەڵبژاردنێکی دیکە دەکرێتەوە؟ لەسەرەتاوە سۆسیال دیموکراتەکان ڕەتیان کردەوە بچنە ناو هەر هاوپەیمانێتییەکەوە. لەڕاستیدا سەوزەکان و کۆنزەرڤاتیڤەکان هەموو دەرفەتێك بەکاردەهێنن بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەوان پێویستیان بەیەکتر هەیە. ئەگەرچی ئەم هاوپەیمانێتییە پێویستی بە زۆرینەی پەرلەمانیی هەیە، ئەم کارەش وادەکات دەرفەت بداتە نیۆلیبراڵەکان بۆ تەواوکردن و تەکمیلەکردنی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەڵمانیا و دەرفەت دەداتە سۆسیال دیموکراتەکان دەموچاوی خۆیان بپارێزن.

لەو حاڵەتەدا، کە دواتر باسی دەکەم، هاوپەیمانێتییەکی کەمینە دروست دەبێت، کە بەرەی حکومەت لاواز دەکات و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بەهێز دەکات. بۆیە هێشتا ئەگەری هەڵبژاردنی نوێ لە ئارادایە. باس لەوە دەکرێت هۆکاری هەڵکشانی نیۆفاشیستەکان بۆ ئەو ئاستە بەرزە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی لە پروپاگەندەی هەڵبژاردندا دژی پەنابەران و مەسەلەی خێزان، بەرەو زۆرترین ئاراستەی ڕاستڕەوی ڕۆیشتن، شکستی جامایکاش لە هەڵبژاردنی نوێدا دەرفەت دەداتە پارتەکان زیاتر بەرەو ئاراستەی ڕاستڕەویی بڕۆن و خەسڵەتی ئاشکرای ڕاستڕەوانە و کۆنزەرڤاتیڤانە بەخۆیانەوە بگرن.

## حکومەتی کەمینە

لەبەرانبەردا، ئەمڕۆ سیاسەتمەدارانی سۆسیال دیموکرات وێڕای ئەوەی چوونەتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنەوە، پێشنیاری حکومەتی کەمینەیان کردووە لەجیاتی دووبارە هەڵبژاردنەوە. حکومەتی کەمینە لەنێوان کۆنزەرڤاتیڤەکان و سەوزەکان، کە حکومەتێکی بچووکی ناو هاوپەیمانێتییەکی بچووك دەبێت، کە بەهەردووکیان دەگەنە 41%ی پێگەی پەرلەمانیی. لە مێژووی ئەڵمانیادا تەنها یەکجار حکومەتی کەمینە ئەویش لە ویلایەتی هێسە ڕوویداوە. سۆسیال دیموکراتەکان بەڕێگایەکی باشتری دەزانن لەبری هەڵبژاردنی نوێ.

ئەمڕۆ "دێر شپیگل ئۆنلاین"ی ئەڵمانیی نووسیویەتی: "لەناو سۆسیال دیموکراتدا، بەردەوام دەنگی پشتیوانیکردن لە حکومەتی کەمینە لەهەڵکشان دایە". هەروەها تۆرستن شیفەر گیومبل ئەمڕۆ بۆ زی دی ئێفی ئەڵمانیی ڕایگەیاند: "ئێستا ئێمە بیر لە هیچ هاوپەیمانێتییەکی گەورە لەم ساتەدا ناکەینەوە". هەروەها هەر ئەمڕۆ بۆ "مۆرگن ماگاتزین"ی ئەڵمانیی باسی لەوە کرد: "ئێمە ئەم شێوازەی نەمسامان ناوێت".

شیفەر گیومبل سەبارەت بەم حکومڕانییە، بۆ دێر شپیگل ڕایگەیاند، بەپێی مادەی 63ی دەستووری ئەڵمانیا، بوونی ئەم بژاردەیە و گرتنەبەری، مومکین و یاساییە. هەڵبژاردنی نوێش یاساییە، بەڵام حکومەتی کەمینە، ڕەنگە بژاردەیەکی باشتر بێت. هەروەها دەشڵێت لە هێسە ئەزموونێکی باشی ئەم حکومڕانیەمان بینیوە.

ئەگەرچی لەلایەکی دیکەوە، لەناو سۆسیال دیموکراتەکاندا دوای شکستی جامایکا، فشارەکان لەسەر مارتین شوڵتزی ڕابەری ئەم پارتە لەزیادبووندان، کە بلۆکێکی گەورەی هاوپەیمانێتیی پێکبهێنن. ئەگەرچی ئێستاش سەرۆکی کۆماری ئەڵمانیا، فرانك ڤاڵتەر شتاینمایەر، جۆرێك ڕۆڵی نێوانگر لەنێوان پارتەکاندا دەبینێت و پێشتر لەلایەن ئەندامانی حزبەکەیەوە ڕەخنەی لێگیرا. ئێستا لەلایەن باڵی ڕاستڕەوی سۆسیال دیموکراتەوە فشارەکان لەسەر شوڵتز لەبەرزبوونەوەدان کە بچێتە بەرەی هاوپەیمانێتیی کۆنزەرڤاتیڤەکانەوە. تا ئێستا هیچ هەواڵێك لە ڕازیبوونی ئەم پارتە لەئارادا نییە، تەنها پێشنیاریان بریتییە لە حکومەتی کەمینە وەك مافێکی دەستووریی و یاسایی.

## حکومەتی کەمینە چییە؟

حکومەتی کەمینە، یان کابینەی کەمینە، یاخود کەمینەی پەرلەمانیی، ئەو کابینەیەیە کە بەپێی دەستووری ئەڵمانیا، کاتێك لە سیستەمی پەرلەمانیدا پارتە سەرەکییەکان لە پێکهێنانی حکومەتێکی گەورە یاخود حکومەتی زۆرینە، یان حکومەتی بنکەفراوان شکست دەهێنن، بەپێی دەستووری ئەڵمانیا، ماددەی 63، پێکهێنانی حکومەتی کەمینە، لەژێر ڕێژەی یاسایی حکومەتی زۆرینەی 50% زاید 1، پێکدەهێنرێت. لە حکومەتی کەمینەدا مەرج نییە تەنها ئەو دوو حزبە بەشدار بن. بۆ نموونە لە ئەڵمانیا دەکرێت ڕێککەوتن لەسەر حکومەتی کەمینە بەمانای ئەوە بێت، کە سۆسیال دیموکراتەکان دەنگ بە حکومەتی کەمینە دەدەن بە ڕێککەوتن

لەسەر خاڵێك، چەپەكان لەسەر خاڵێك ڕێكدەكەون، سەوزەكان و بەرەكانی دیكەش، لە ئەزموونی هەرێمی هێسەدا ئەم مۆدێلە تاقیكراوەتەوە و بەرادەیەكیش سەركەوتنی بەدەستهێنابوو، ئەوكات حكومەتی كەمینە لەنێوان سۆسیال دیموكرات و پارتی سەوزدا (ڕەنگی سوور و سەوز)دا بوو.

ئێستا وەك بژاردەیەك لەبری هەڵبژاردن باس لەمۆدێلی حكومەتی كەمینە بۆ سەرتاسەری ئەڵمانیای فیدراڵ دەكرێت. بەڵام لەلایەكی دیكەوە حكومەتی كەمینەش گەلێك لاوازی خۆی دەبێت، حكومەتێك دەبێت توانای جێبەجێكردنی هەموو یاسا و خواستەكانی نابێت، ڕەنگە ئەمجارە كە ئەڵتەرناتیف بۆ ئەڵمانیا سێیەم حزبی ئەم وڵاتەیە، بەردەوام لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆندا حكومەت ڕووبەڕووی تەنگژە و پێكدادان بكاتەوە. بۆ نموونە، ماوەیەك پێش ئێستا نیۆنازییەكان یادەوەریی سەر شەقامەكانیان دەبرد، كە دروستكرابوون وەك نارەزایەتییەك بەرانبەر تاوانەكانی نازییەكان، لە هەر شەقامێكدا، لەبەردەم هەر ماڵ و دوكانێكدا هەر تاوانێك لەلایەن نازییەكانەوە كرابێت، یادەوەرییەك دانراوە، و بزربوون و دزراون و بەگشتیش باس لەوە دەكرێت ئەمە دەستی نازییەكانی لەپشتە و زۆر بەڵگەنامەش لەسەریان ئاشكرابووە، ئێستا كە بڕیار دەرچووە بۆ كرینەوەی ئەم یادەوەرییانە بكردرێنەوە، یەكێك لە خواستە ئاشكراكانی پارتی ئەڵتەرناتیف بۆ ئەڵمانیا بۆ حكومەتی داهاتوو، چ هاوپەیمانێتیی جامایكا بێت یان حكومەتی كەمینە، ئەوەیە كە نابێت حكومەت ئەم یادەوەرییانە بكرێتەوە و پارەیان بۆ خەرج بكات. مافی پەرلەمانیان بەكاردەهێنن.

بەڵام هەر لەلایەكی دیكەوە، حكومەتی كەمینە ڕەنگە دەستكەوتێكی دیكەشی هەبێت، ئەوەیە پێگەی ئەڵمانیا بۆ قۆناغێك لە ئەورووپا لەناو هێزی ناتۆ، لاواز دەكات، ئەم لاوازبوونە وادەكات ئەو وڵاتانەی بەهۆی ئەڵمانیاوە ڕووبەڕووی قەیران بوونەتەوە، جۆرێك خۆیان ڕێكبخەنەوە و مافی خۆیان دژی ئەڵمانیا و قەرزەكانی سەریان بەكاربهێنن، لەوانە یۆنان و ئیسپانیا و پرتوگال. هەروەك چۆن پێش یەككرتنەوەی ئەڵمانیا، لەناو چەپەكاندا بۆچوونێك هەبوو كە دەنگی بەرزكردبووەوە دژی یەكگرتنەوەی ئەڵمانیا، چونكە پێیانوابوو ئەم یەككرتنەوەیە ئیمپریالیزمی ئەڵمانیی لەئاستی دونیادا بەهێز دەكات، ئێستاش وەك ئەگەرێك حكومەتی كەمینە ڕەنگە دەرفەتێك بەو وڵاتانە بدات كە ئەڵمانیا ڕووبەڕووی قەیرانی كردوونەتەوە.

## پارتی چەپ دەبێت چی بكات؟

وەك گاردیانی بریتانی لەمڕۆدا نووسیویەتی دابەشبوونی سیاسیی ئەڵمانیا كاریگەریی لەسەر مەسەلەی كار لە ئەورووپا دەبێت. پارتە نەریتییەكان دەستیانكردووە بە تەحەداكردن هەم لەنێو گروپە ڕاستڕەوەكان و هەم چەپڕەوەكاندا، ئەویش لەڕێگای هەڵكشانی قوتبەندییەوە دوای قەیرانەكانی ناوچەی ئەورووپا و قەیرانی بانكیی لە 2010-2011ـەوە تا ئەمڕۆ.

زۆرێك لە چەپەكان هەلومەرجی ئێستا بە سەردەمی كۆماری ڤایمار (1918-1933) دەچوێنن. بەڵام ئەوەی هەیە، جیاوازیی نێوان ئەم دوو سەردەمەیە، بەرادەیەك ئابووریی ئەڵمانیا لەئێستادا جێگیرە پێچەوانەی سەردەمی كۆماری ڤایمار، كە قەیرانەكان هیتلەریان هێنایە سەرحوكم. ئیڤانس پریتچارد لە تەلەگراف ئۆنلاینی ئەمڕۆدا دەنووسێت: " بێگومان لەم كاتەدا دەیەكانی 1930 دووبارە نابێتەوە، بەڵكو ئەوەی هەیە شكستی هاوپەیمانێتییە، هەروەها قەیرانی دەستووریی" و قەیرانی سیاسییە. بەڵام بێگومان قەیرانی ئابووریش لەئارادایە. ئەوەی هەیە بەرادەیەك خەباتی چینایەتیی ئامادەییەكی ئەوتۆی نییە، تا هاوكات ئەگەر قەیرانی ڤایماریش دووبارە ببێتەوە، لەڕێگای خەباتی چینایەتییەوە دۆخەكە بۆ كرێكاران ببرێتەوە. بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ڕۆڵی چەپەكان بەگشتیی و پارتی چەپ بەتایبەتی لە ئێستادا چییە؟

وێرای ئەوەی باسی هەڵبژاردنی نوێ دەكرێت، بەڵام بەداخەوە شانسێكی ئەوتۆ بۆ پارتی چەپ (دی لینكە) لەئارادا نییە تا بتوانێت دوای هەڵبژاردنەكان بەهێزتر ببێت. ساشا ستانیچیچ لە وێب سایتی سۆتزیالیسموس، لە وتاری ئەمڕۆیدا بە زمانی ئەڵمانیی، پێیوایە سیاسەتەكانی زارا ڤاگنكنیشت، هاوسەرۆكی پارتی چەپ، دژی سیاسەتەكانی حزبەكەی، لە پەرلەماندا، بووەتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی گشتیی خەباتی ئەم پارتە و بۆ ئەمەش باجی داوە و باجی زیاتریش دەدات ئەگەر لەسەر ئەم هێڵە بڕوات.

لە بەرانبەردا چەند ڕۆژێك پێش ئێستا، ئۆسكار لافۆنتین بانگی "بزووتنەوەی بەرەی نوێی چەپگەرایی" كرد دژ بەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی كۆمەڵگا دەبنەوە نەك تەنها لە ئەڵمانیا بەڵكو لە سەرتاسەری ئەورووپا، بەڵام شایانی باسە ئەو كێشانەی وایكردووە پارتی چەپ نەتوانێت لە لیستی سێیەمی پارتەكانی ئەڵمانیادا بمێنێتەوە، بێگومان لەدەستدانی پەیوەندییەكانی بەخوارەوەی كۆمەڵگا، سیاسەتی ڕیفۆرمیستیی حزبەكە، پرسی پەنابەران، سازش لەسەر سیاسەتی ڕادیكاڵ، حوكمڕانییان لە هەرێمی تورینیا لەلایەن ڕۆمۆلۆڤەوە، كە چەند جارێك نازییەكان بەئاشكرا كۆنسێرت و چالاكییان كردووە بەبێ ڕێكخستنی چەپەكان و خەڵك لەدژی نازییەكان، ئەمەش وایكردووە لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات، پارتی چەپ دەنگێكی زۆر لەدەست بدات، دیارە ئەمە تەنها هۆكاری لەدەستدانی دەنگەكانی پارتی چەپ نییە. پارتی چەپ ئێستا كە تاكە پارتێكە خەبات دژی ڕاسیزم و عەدالەتی كۆمەڵایەتیی و زۆرینەی چەپەكان هاوسۆزن لەگەڵ پرسی پەنابەراندا، ئەركی قورسی لەئەستۆیە، باشترین ڕێگا ئەوەیە كە دەستبكات بە

پەیوەندیی چڕ بەکۆمەڵگاوە، هەوڵی وشیاریی چینایەتیی و پەیوەندیی بە بەرزکردنەوەی خەباتی چینایەتییەوە بکات، مەسەلەی یۆنان و ئیسپانیا و کەتەلۆنیا مەسەلەی گرنگن بۆ پارتی چەپ، هەروەها لەیەکەم کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی ئەڵمانیاشدا، پارتی چەپ بەڕاشکاوی ئاڵای یەپەگەیان لە پەرلەمان بەرزکردەوە وەك ناڕەزایەتییەك دژی حکومەتی ئەڵمانیا کە ئەم ئاڵا و سیمبولانەی قەدەغە کردووە، هەر دوێنێ کریستینە بوخهۆڵتز بەڕووی نیۆفاشیستەکاندا کەوتە ڕەخنەی توند و ئەم خەباتەش وردە وردە وادەکات ڕۆڵی پارتی چەپ بەرزتر بکاتەوە. لە وتاری داهاتوومدا دێمە سەر باسکردن لە پارتی چەپی ئەڵمانیا (دی لینکە).

ڕۆژەکانی داهاتوو، ڕووداوی تازە دێنە سەر سەکۆی شانۆی سیاسییەوە لە ئەڵمانیا.

-----

سەرچاوە:

چەند ئیقتیباسێکم لە هەردوو گاردیانی بریتانیی بە ئینگلیزیی و دێر شپیگڵی ئەڵمانیی کردووە بەتایبەت کاتێك لێدوانی بەرپرسانی تێدابووە.